
# سەبارەت بە کێشەکانی ناو چاک و هەڵدانەوەی لاپەڕە تاریکەکان

**هێمن ڕەئووف**
w.hemnrauf.kurdblogger.com



وەک هەموو لایەک ئاگادارن ناوەنی چاک لە قەیرانێکی نادروستدا دەگوزەرێ و ماوەیەکە کێشمەکێشەکانی خەریکە دەگاتە سەر لاپەڕەی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کان . ئەوەی جێگای باسکردنە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست کە بەچاوێکی دڵسۆزانە دەڕوانێتە ئەم ڕێکخراوە ، ئەم ڕەوشەی پێناخۆشە و لەخۆزگەی ئەوەدایە تەبایی و یەکڕیزی بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕێخراوەکە . لەپێش هەموو لایەکەوە ئەندامانی چاک .

بۆئەوەی ڕاستیەکان لەسەر چەواشەکاری بنیات نەنرێ پێویستە جەماوەر کرۆکی کێشەکە بە ڕوونی ببینن . بۆیە پێم باشبوو ئەم ڕوونکردنەوە کورتە بدەم .

پێش هەموو شتێ ڕاستییەک هەیە کە دەبێت چیتر سەری نەنرێتەوە ئەویش ئەوەیە ، ( نەبوونی ئیدارەیەکی ڕێخراوەیی و سەرپەرشتی کردنێکی فاشیل و نەزانانە و بێ ئەزموونیی لە بەڕێوەبردندا ) هۆی سەرەکی هەموو کێشەکانی ناو ڕێخراوی چاک بوون .

ناوەندی چاک لە ڕێخراوێکی مەدەنییەوە وەرچەرخا بۆ دیوەخانێک ، خەریک بوو هەموو بنەماکانی ڕێخراوبوون لەدەست بدات . دەستەی بەڕێوەبەری کە خاوەنی بڕیار و ئۆرگانی باڵای ناوەندە و کە سیمبۆلی کاری بەکۆمەڵ و ڕێخراوەیی بوو لە ناو ڕێخراودا ، بە فیتی هەندێک وەلا نرا و سەرپەرشتیار و هەندێ لە برادەرانی دەوروبەری بەتەواوی باڵیان بەسەر ئۆرگانەکانی تری ناوەندا گرت . لەم حاڵەتەدا بۆ چاک کردنەوە و ڕێگانەدان بەم تاکڕەوییە، فراکسیۆنی چاکسازی کە زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەرییە داوای ڕیفۆرم و چاکسازی کرد بە پرۆژەیەکی تۆکمە بۆ گێڕانەوەی باری ڕێخراوبوون بۆ ناو ڕێخراوەکە . لەبەر ئەوەی ئەم چاکسازییە لەبەرژەوەندی بەڕێز سەرپەرشتیاردا نەبوو بەهەموو توانایەوە کەوتە دژایەتی کردنی و کۆکردنەوەی پشتگیری و توانی کوتلەیەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات لەناو ڕێخراودا . ئیتر زۆر بێپرەنسیپانە لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێخراو لایدا و دەستەی بەڕێوەبەری هەڵوەشاندەوە و بڕیاردانی لە دەستەی بەڕێوەبەرییەوە گواستەوە بۆ کۆبونەوەی بەناو گشتی ئەندامان . کە هەفتانە لەسەر تۆڕی پالتاک دەبەسترا . ئەو کۆبونەوانە کە بەکۆبونەوەی گشتی ناویان دەبرد ، بریتیبوون لە ٢٠% ی ئەندامان کەمتر و ژمارەیان لە باشترین حاڵەتدا لە٣٠ کەس تێنەدەپەڕی ، کە دەتوانم بڵێم بەس کۆمیتەی سویسرا ٣٠ ئەندامی چالاک و جێگیری هەیە . . ئەوەبوو یەک لایەنە سەرپەرشتیار هەموو ئەندامانی فراکسیۆنی چاکسازی لەچاک لادا بە نامەیەک وەک ئەوەی ناوەندی چاک کۆمپانیایەک بێت و بەڕێزیان خاوەنی بێت، و بڕیاری کۆنگرەیەکی نائاسایی دا کە لە سەرەتای مانگی دیسێمبەری ئەمساڵ ئەنجام بدرێ .

ئەوەی مەبەستە لێرەدا :

عەلی مەحمودی سەرپەرشتیاری ناوەند . لە وەڵامی نامەی دۆستێکی چاکدا ئامەژە بۆ ئەوە دەدات . لەبەر بەرژەوەندیەکانی چاک ڕازییە دوو پێشنیاری ئەو بەڕێزە جێبەجێ بکات .

١.. کۆنگرە

٢.. خۆکاندید نەکردنەوەی ئەو ئەندامانەی قسەیان لەسەرە .

بۆ ئەوەی جارێکی تر جەماوەر و خوێنەرانی بەڕێز بە شیعارات و قسەی پڕ باق و بریق چەواشە نەبن . پێویستە ئەوە بزانن .

* بڕیاری ئەو کۆنگرەیەی کە دەڵێ پیی ڕازی دەبم، لەبەر خاتری ئەو دۆستەی چاک ، لە مێژە دراوە و بەروارەکەشی دانراوە کە ڕێکەوتی ڕۆژانی( ١و٢/١٢/٢٠٠٧ ). کە بەهیچ شێوەیەک کۆنگرەیەکی شەرعی ( ڕێخراوی چاک ) نییە و پێشێل کردنی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێخراوە و ئەمەش جێگای قەبووڵ کردن نیە چونکە ٧٠% زیاتری ئەندامان پیی ڕازی نین

* ئەو ئەندامانەی دەستە بەڕێوەبەری کە نابێ خۆیان کاندید بکەنەوە ، پێش دوو هەفتە لە نامیەکدا بە بڕیارێکی یەکلایەنەی جەنابی سەرپەرشتیار لە چاک دەرکران . کە هەموو ئەو هاوڕێانەن کە باوەڕیان بە چاکسازی هەیە لە ڕێخراودا و تاکڕەوی و یەکلانی لە کارکردندا پرۆتستۆ دەکەن .
ناوەندی چاک یەک ڕێخراوە و ئێستا پێویستی بە چاکسازی هەیە بۆ دامەزراندنەوەی ئۆرگانەکانی ، پێویستی بەوە هەیە بڕیارەکان و پڕۆژەکان بەشێوەی کۆنکرێتی گەڵاڵەبکرێن و ڕێخراوبوون بکەینە بنەمای کارکردنمان . بۆیە فراکسیۆنی چاکسازی لە دارشتنەوەی پرۆژەکەیدا بەردەوامە و لە هەوڵی پرۆفیشیۆناڵ کردنی ڕێخراوەکەماندایە . بەو هیوایەی بتوانین ڕێخراوی چاک لە قەیرانی تاکڕەوی و دیوەخانی دەربهێنین و بیخەینەوە سەر سکە و ڕێگای ڕاستی ڕێخراوەیی .

ئەوانەی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەم ڕێخراوە لادەدەن و بە ویستی کەسێکو چەند هاوڕێیەکی ، بە ئارەزوی خۆیان ئەندامان دەردەکەن و بڕیاری کۆنگرە دەدەن ، پێویستە ڕێگایەکی تر بۆخۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەو ئامانجانەی هەیانە . با چیتر بێڕێزی بە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێخراوەکەمان و ئارم و ناوی سەنگینی ( ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد : چاک : ) نەکەن .

هەر بژین .

هێمن ڕەئووف / کۆمیتەی سویسرا ی ناوەندی چاک